# خۆرگیرا لە سەردەمی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وکەسێکی نارد بۆ ئەوەی بانگ بکات: نوێژ دەکرێت بە کۆمەڵ (بە جەماعەت)، بۆیە کۆبوونەوە، وچووە پێشەوە، وتەکبیرەی کرد لە دوو ڕکاتدا: چوار جار ڕکوعی برد وچوار جار سوجدەی برد

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «خۆرگیرا لە سەردەمی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وکەسێکی نارد بۆ ئەوەی بانگ بکات: نوێژ دەکرێت بە کۆمەڵ (بە جەماعەت)، بۆیە کۆبوونەوە، وچووە پێشەوە، وتەکبیرەی کرد (تەکبیرەی ئیحرامی بەست و ووتی: الله أكبر)، لە دوو ڕکاتدا: چوار جار ڕکوعی برد وچوار جار سوجدەی برد».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

بە هۆی خۆرگیرانەوە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کەسێکی نارد بۆ ئەوەی بانگی خەڵکی بکات لە هەموو شوێنەکان بۆ ئەوەی کۆ ببنەوە ونوێژ بکەن ونزا بکەن بۆ ئەوەی خودا لێیان خۆش بێت وڕەحمیان پێبکات ونیعمەتە ئاشکرا ونهێنیەکانیان پێ ببەخشێت وبۆیان بەردەوام بکات. لە مزگەتەکەی کۆبوونەوە وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێش کەوت بۆ ئەوەی پێشنوێژی بکات، ونوێژێکی کرد کە وەکو نوێژە ئاساییەکانی تر نەبوو؛ بێ ئەوەی قامەت بکرێت نوێژی دەستپێکرد، تەکبیرەی ئیحرامی کرد، پاشان دوو ڕکوع ودوو سوجدەی برد لە ڕکاتێکدا، پاشان دوو ڕکوع ودوو سوجدەی برد لە ڕکاتێکی تردا، واتە چوار جار ڕکوعی برد وچوار جار سوجدەی برد لە دوو ڕکاتدا.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5214